# د.عەبدولموصەوەر بارزانی: خۆم و کوردستان لەناو دەبەم بەڵام ناهێڵم ئەمانە سەرکەون



**د.عەبدولموصەوەر بارزانی، مامۆستای زانکۆی سلێمانی:**
**دوبارەکردنەوەی هەڵەکان سیفەتێکە لە سیفاتی مێژووی کورد**

**رێگا: لە 7/25 دا کۆمەڵێك چالاکیتان کرد، ئەو چالاکیانە ماون یان بۆ ماوەیەکی کاتی بوون؟**
**د.عەبدولموصەوەر بارزانی: نەخێر، ئەو چالاکیانە ماون لە راستیدا، بەڵام لەبارێکی زۆر زۆر ناگونجاودایە، چونکە بەداخەوە هەندێك لایەن هەن کە تێگەیشتنیان بۆ دیموکراسیەت زۆر زۆر لاوازە، و ئەم لاوازییە بە تیگەیشتنی دیموکراسیەت هانیان دەدا بۆ رەفتارێکی زۆر نادیموکراسیانە، هەڵبەت ئەمە کردەوەی ئێمە سنوردار دەکات و هەرچەندە ئەم سنوردارکردنەش هیوادارم کە کاتی بێت، بۆچونم وایە کە ئەمەش کاتییە، وابزانم فرسەتیك هەر رێکدەکەوێت.**

**رێگا: هەوادارانتان کاریان چییە لە ئێستادا، لە پیشەکانی خۆیان دەرکردابوون رۆشتونەتەوە سەر کارەکانیان؟**
**د.عەبدولموصەوەر بارزانی: لە هەردووجۆر هەمانە، بەڵام ئەم بابەتە بووەتە کێشە بۆ خۆشیان، چونکە ئێمەش بابەتێکمان هەیە بەتایبەت ئەوەی کە ئاشکرا بێت سەرۆکی شارەوانی بارزانە، بریاری مەحکەمەی تێدا دەرچووە، بەڵام بریاری دادگا جێبەجێ ناکرێ گوایە دادگایەکی باڵاتر هەیە کە مەسەلەی بۆ ئەو بگوێزرێتەوە، بۆ ئەوەی پێداچوونەوەی بۆ بکرێ، بە پێی تێگەیشتنی من لە یاسا ئەگەر دادگای کارگێری بریارێکی دابێت ئەمەیە هیچ دادگایەکی تر هەڵناوەشێتەوە بە پێی بۆچوونی من مەسەلەکە هەر ئەوەیە کاتەکە زیاتر بخایەنێت، ئەو کێشەیە ئێستاش ماوە، شارەوانی بارزان لە ئاستی رامیاریدا هێندە گەورە نییە یانی هەتا بڵێی بچوك کراوەتەوە، کەواتە ئەم کێشەیە بۆ دروست کرا لای ئەوان دوور لە هەموو یاسایەك دوور لە هەموو پرەنسیپێکی دیموکراسی کابرایان بە زۆر لادا کەسێکی هەڵبژێردراو، کێشەکە لێرەدا دیموکراسیە چونکە ئەم کابرایە بە زۆرینەی دەنگ لە بارزان هەڵبژێردرایوە، نەك ئەوان دایاننابێت.**

ئەمەش هەڵوێستی نایاسایی هەندێك لایەن بۆ جەماوەر دەركەوت ئەوجا سەیر دەكەین بزانین ئەو دادگایەی ئەوان باسی لێوە دەكەن ئومێدەوارم كە بێلایەن بێت، چونكە ئەگەر بێ لایەن بێت لە هەڵوێستەكە و لە كێشەكە هیچ شتێك نەگۆراوە ئەبێ بەهەمان ئەنجامی دادگای كارگێری بگات.
رێگا: بزووتنەوەكەتان لە بەرنامەتاندا هەیە لە هەڵبژاردنەكانی داهاتووی ئەنجومەنی پارێزگاكان بەشداری بكەن؟
د.عەبدولموصەوەر بارزانی: بەداخەوە بە نیسبەت ئێمەوە، چونكە هەڵوێستی هەندێك بەم شێوەیە بێت خۆم لەناو دەیەم كوردستان لەناو دەبەم بەڵام ناهێڵم ئەمانە سەركەون، ئەم هەڵوێستەش ئێستا ماوە، ئێمە چاوەڕێین گۆرانكارییەكی وا بێتە كایەوە كە ئەم هەڵوێستانە كاریگەری لەسەر هەڵبژاردن نەبێت ئەوجا دەست بە كار بكەین، چونكە لەم بارودۆخەی كە تێیداین بەداخەوە هەندێك رەفتار هەر دەكرێ كە ئومێدبەخش نییە چانسێكی راستەقینەمان بۆ بەدیار بخات، چونكە من بروام بە ئەنجامێكی دیموكراسی نییە بەتایبەتی بۆخۆمان لەبەر ئەوە سەیر دەكەین.
رێگا: یانی بەشدار نابن؟
د.عەبدولموصەوەر بارزانی: لەم كاتەدا بۆ ئێمە دەرناهێنێ.
رێگا: لایەنگرانتان دەنگ بە چی قەوارەیەك دەدەن؟
د.عەبدولموصەوەر بارزانی: لە هەڵبژاردنەكانی عێراقیش بە برادەرانم راگەیاندووە ئێوە ئازادن لە دەنگدان جگە لە یەك جیهەت، بەوان هەرگیز مەدەن.
رێگا: بەكێ؟
د.عەبدولموصەوەر بارزانی: ئەوانەی كە كێشە بۆ ئێمە دروست دەكەن، ئێمەش یارمەتیان نادەین، جیهەتەكەیش ئاشكرایە(بە پێكەنینەوە)پێویست بەناوهێنان ناكات.
رێگا: چۆن دەروانیتە بارودۆخی ئێستای كوردستان كە ئێستا رای جیاواز هەیە لە پەرلەمان بەڵام لە هەمان كاتدا گەلی كورد هەر نارازییە.
د.عەبدولموصەوەر بارزانی: گەلی كورد لە راستیدا چاوەروانی شتی گەورەتری دەكرد، بە بروای من ئەو چاوەروانییەی ئەوان هەیان بوو بەو شێوەیە نەهاتە دی، لێرەدا گلەییەكە هەر هەیە جگە لەمەش شتێكی ئاوەها نەگۆراوە، لە مەیدانەكە كە رەزامەندی گەلی كوردی تێدابێت، من گۆرانكاریەكی ئەوتۆ نابینم، نارەزایی هەبێت رەنگە لەجێی خۆیدا بێت، بۆ نا، گۆرینێكی لەو شێوەیە نابینم.
رێگا: ئەمە لە ئەستۆی كێ دەبینی، ئۆپۆزسیۆن یان دەسەڵات؟
د.عەبدولموصەوەر بارزانی:: هەبوونی ئۆپۆزسیۆن لە پەرلەمان بە بروای من ئەمە سەركەوتنە، ئەو جا ئۆپۆزسیۆن چی دەكات ئەمە كاری خۆیانە، من نامەوێت تێكەڵی كاریان بم، ئێمە یەكەمین لیست بووین كە گوتمان دەبێت ئۆپۆزسیۆن هەبێت، دوای هەموو ساڵە كە دەسەڵات هەبوو، راستە لە هەندێك وڵات لە سەرەتادا ئۆپۆزسیۆن نەبوو یان لاواز بوو، لەبەر بارودۆخێكی ناسكی مێژوویی ئەم وڵاتە، یەكێك لەوانە

نەمسا بوو کە پارتی گەل لەگەڵ پارتی سۆسیالیستەکان بۆ ماوەی دوو هەڵبژاردن پێکەوە حوکمیان دەکرد، بەڵام ئەم برادەرانە کە حوکم لێرە دەکەن(ماشاالله) ئەمەبوو بەدەیان ساڵ، لێرەدا هەبوونی ئۆپۆزسیۆن پێداویستیەکی مێژووییە.
رێگا: پێتوایە هیچیان پێبکرێت؟
د.عەبدولموصەوەر بارزانی:: تکات لێدەکەم وام لێمەکە تەداخول لە کاری هەندێکی تر بکەم، بەڵام هەبوونیان پێویستییە.
رێگا: چۆن سەیری دیموکراسی دەکەیت لە عێراق بە گشتی، لە کاتێکدا سیاسیەکان دەنگی گەلیان بۆ ماوەی چەند مانگێکە لە قور ناوە؟
د.عەبدولموصەوەر بارزانی: ئەوەی کە ئێمە لە بەغداد دەیبینین لە راستیدا چی ناوێکی بۆ دانێین، با دڵی کەس نەئێشێنین دەڵێن زۆر ناشیرینە، بە بروای من عێراق بەتەمایە ژمارەی قیاسی وەربگرێت لە دروستنەکردنی حکومەتدا، ئەو کێشەی کە ئێمە هەمانە گومان لەوە دەکرا کە وڵاتانی دراوسێ دەستێوەردانیان هەبێت لە کێشەکانی عێراق، زۆر کەس هەبوو نکوڵآ دەکرد و دەیوت وانییە، بەڵام ئەم سەردانانەی سەرۆکی لیستەکان بۆ وڵاتان ئەگەر بەڵگە نەبێت بۆ دەستێوەردان ئیتر چی بەڵگەیەکمان پێویستە، ئەگەر دەستی نەبێت چی پەیوەندی بە هەڵبژاردنی عێراق هەیە، چی پەیوەندیەکی بە دامەزراندنی حکومەتی عێراق هەیە.
رێگا: واتە دیموکراسی بوونی نییە؟
د.عەبدولموصەوەر بارزانی: بەخوا لاوازە بەشێوەیەك کە ناچارم بڵێم بەداخەوە زیاتر لەوە خراپتر کرا لە بەغدا.
رێگا: کورد چی هەڵوێستێکی هەبێت لە پێکهێنانی حکومەت پێتوایە پۆستی بەلاوە گرنگ بێت یان چارەسەری گرفتەکانی کورد؟
د.عەبدولموصەوەر بارزانی: بە بروای من هەبوونی کورد لە ئێستادا لە بەغداد لاوازترە وەك لە پێشوو، ئەوان لەدوای هەڵبژاردن لاوازترن، نۆزدە خاڵەکەی کە پێشکەش کرا نەمخوێندۆتەوە، لێت ناشارمەوە، بەڵام یەك خاڵ کە باس کراوە، (کوردەکان لەحکومەت کشانەوە، حکومەت بە روخاو حساب بکرێت)ئەمەش لە هیچ وڵاتێکی دونیادا جێی نابێتەوە و خواستێکی لەو شێوەیە نییە، تۆ خواستێکی لەو شێوەیە بۆ پێشکەش دەکەی دەتوانی شتێکیتر پێشکەش بکەی ئەمە دیاردەیەکە و لەلای هەندێك پۆستەکە گرنگترە لە مەبەستەکە، بیرم نایە لە مێژووی هیچ حزبێکی سیاسی لە سیستمێکی دیموکراسی کە من رۆشتم هەموو شتێك تێکبچێت.
رێگا: کەواتە مەبەستیان لا گرنگ نییە لە پۆست؟
د.عەبدولموصەوەر بارزانی: لێم زویر مەبە جیاوازی دروست دەبێت.
رێگا: لە ساڵانی رابردوودا بەشداریت کرووە لە کۆنگرەی وڵاتانی ئیسلامی چۆن بەشدار بوویت و نوێنەری کێ بوویت؟
د.عەبدولموێەوەر بارزانی: من بانگهێشت کرام وەك میوان، لەوێ داوایان کرد قسە بکەم بەڵام من وتم لە پرۆگرامەکەدا دانەنراوم بۆ

قسە کردن، بەڵام برادەران وتیان دەبێت قسە بکەیت.
رێگا: چی ئامانجێکتان هەبوو؟
د.عەبدولموصەوەر بارزانی: وتیان تۆ لێرەیت و ناسراویت، شتێکی باش نییە تۆ قسە نەکەیت، بەڵام بە باشم نەزانی قسە بکەم، بەڵام ئەوانەی کە لەوێ بوون هەڵوێستی کوردیان لەبیر نەکردبوو، د. ێلاح هیچی نەهێشتبوەوە ئەگەر منیش لەوێ بومایە هەر ئەوم دەوت لەسەر مافی میللەتی کورد زۆر جوان قسەیان دەکرد، هەندێك لە دانیشتنەکانیش نهێنی بوون ئەوەیان نازانم، ئەوەی من بەشداریم تێدا کرد بەتایبەت ئەوانەی لەسەر لیستی ئیسلامی بوون (د.سەلاح و م.کرێکار و چەندێتر بوون)و شەرمیان لەکەس نەدەکرد، تاکو گەیشتە رادەیەکی وا کە برادەرانی عەرەب پێیان ناخۆش بوو ئەم کرنگرە بەستراوە، چونکە بەشێوەیەکی وا کێشەی کورد هێنرایە پێشەوە بەسەرکەوتنی حساب دەکەم.
رێگا: م.کرێکار چی هەڵوێستێکی هەبوو؟
د.عەبدولموصەوەر بارزانی: م.کرێکار لەو قسانەی کە باسی لێوە دەکرد یەکجار قسەی کرد، کە بە قەناعەتی من و بەهەڵەدا نەچووبم باسی خوشکە کوردەکانی دەکرد کە لەئەنفالدا برابوونە سعود و لەویشەوە بۆ میسر، گلەیی لەم شتە دەکرد، و بزانم شتی هەر گرنگ لە دانیشتنە نهێنیەکان بوو، منیش لەوێ ئامادە نەبووم، نازانم چی بریارێکیش دەرچوو، وتیان ئەنجامەکەی بڵاو دەبێتەوە، هێندەی منیش بزانم هیچ ئەنجامێکی نەبوو، چونکە دیاربوو بە دڵی برا عەرەبەکان نەبوو، کێشەی کورد هێنە هاتە پێش ئەوان پێشبینی ئەوەیان نەدەکرد.
رێگا: م.کرێکار لەو سەردەمەدا ناسیوتە و لە ئێستاشدا بە کۆمەڵێك کێشەوە تێوەگلاوە چۆن دەروانیتە هەڵوێستەکانی لەم نێوەندەدا؟
د.عەبدولموصەوەر بارزانی: ناتوانم بڵێم ئاگاداری هەموو شتێك بم، لەبەرئەوە لەم بابەتە ناتوانم بدوێم، چونکە هەموو شتێکی م.کرێکار نازانم، مەرحەبای یەکترمان هەبوو، بەڵام ئەو قسانەی ئەو لەو کۆنگرە کردی و ئاشکراکردنی بابەتەکە لەلایەن ئەوەوە شتێکی زۆر گرنگ بوو، لەگەڵ کورد بەموسڵمانێتی قسە بکەیت چۆن بەم رەنگە رەفتار لەگەڵ موسڵمان دەکەی؟ ئەنجامەکەی ئەمەی لێدەکەوێتەوە هێندەی من بزانم لە دانیشتنە ئاشکراکان بیستم هیچ ئەنجامێکی نەبوو و بەردێکی لەسەر دانرا.
رێگا: چۆن لایەنە سیاسی و ئیسلامی و عەلمانیەکان هەڵدەسەنگێنی لە کوردستان؟
د.عەبدولموصەوەر بارزانی: هەڵوێستەکە هەندێك چی لە بروا پێکردن یان هەندێك لە ناچاری باسی کێشەی کورد دەکەن، ئەوجا چەندی لە ناچارییە نازانم، بەڵام پێویستە هەموو لایەنەکان بزانن لەنێو کەشتیەکداین ئەگەر هەموومان نقوم بوین کەسمان نامێنێت، لێرەدا وەرگرتنی کێشەی کورد دەبێت لە ئاستێکی بە کورد بوون دەست پێبکات و ئەوانیتر دەبێت بە پلەی دووەم بن لەگەڵ رێز بۆ هەموو لایەك.
رێگا: بەدەر لە چاودێرێکی سیاسیی وەك پسپۆرێکی مێژوویی پێتوایە

**مێژووی کورد دووباره دەبێتەوە؟**
**د.عەبدولموصەوەر بارزانی: دوبارەکردنەوەی هەڵەکان بەداخەوە سیفەتێکی لە سیفاتی مێژووی کورد، هەمیشە هەمان هەڵە دووبارە دەکاتەوە لێرەدا دەبێت هەوڵ بدرێت ئەم دیاردەیە بەشێوەیەك لە شێوەکان بتوانین رایبگرین، لە ئێستاش باس لەمە دەکرێت کێشەی پەکەکە چۆن چارەسەر بکرێت، من کاتی خۆی لە ساڵی 1993 لەگەڵ مام جەلال چاوپێکەوتنێکم هەبوو باسی ئەم بابەت کرا، پێم وت تکات لێ>ەکەم ئەگەر خەڵکانی تریش هەبن حەز لە شەری ناوخۆ بکەن ئێوە مەیکەن بۆ خاتری خودا، لێرەدا بانگەوازی من بۆ هەموو لایەنی کورد بەشداری لە کورد کورژی مەکەن، هەر کەسێك تەداخول لەم کارە بکات، کارێکی ناشیرین دەکات خەڵکی پێگانە هەر کارێك دەکە ئەتوانێ بیانویەکی بۆ بدۆزیتەوە بەڵام کورد کورد بکوژێت رەنگە نەتوانی بیانوی بۆ بهێیتەوە بە هیچ شێوەیەك، دەبێت هەوڵ بدەین سیستمێکی دیموکراسی زیاتر بچەسپێنین و کێشەکان لە رێگەی یاسایی چارەسەر بکەین و لەناو ببرێت نەوەك بە توندوتیژی و زۆرەملێ.**
**هیواداریشم لە بواری یاسایی دوای برا عەرەبەکان بکەوین، ئەوان خەریکن محاسەبەی ئەو خەڵکانە بکەن، کە هەڵەیان کردووە، ئێمەش دەبێ محاسەبەیان بکەین ئەگەر خۆشمان نەمانکرد، رێگر نەبن لە خەڵکانیتر.**

**د.عەبدولموصەوەر بارزانی: لەساڵی 1947 لەشاری شنۆی رۆژهەڵاتی کوردستان لەدایك بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی لەهەریەك لەشارەکانی بەغدادو هەولێر تەواو کردووە .لەزانکۆی بەغداد بروانامەی هەردوو کۆلێژی پۆلیس و کۆلێژی یاسای بەدەستِ هێناوە، دواتر چوەتە دەرەوەی ووڵات و لەووڵاتی نەمسا نیشتە جیَ بووە، هەر لەوێش ماجستری بەدەست هێناوە و دواتر لەساڵی 1985 دکتۆرای لەمێژودا بەدەست هێناوە. دواتر گەراوەتەوە کوردستان و لەبەر بارودۆخی سیاسی لەسلێمانی نیشتە جێدەبێت و ئێستاش مامۆستای کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکانی لەزانکۆی سلێمانی .**

زیادکردنی لە پەسندکردنی
پەسند کردن
ناردنی بۆ هاورێکەت

**پێشنیار (0)**